# ناسیۆنالیزم ،

# ناسیۆنالیزمی کوردی

بەهلوول رەحیمی



ناسیۆنالیزم لە (natio)ی لاتینی یا (nation) ئینگلیزییەوە دێت کە واتاکەی خۆشەویستی و پەیوەست بوون بە نەتەوە دەگەیەنێنێ. هەستێکی پیرۆزو پاکی مرۆڤە لە ڕووی دەروونییەوە. گیدینز ناسیۆنالیزم وەك کۆمەڵێ سیمبول و بڕوا کە هەستی پەیوەست بوون بە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی بەدی دێنێ پێناسە دەکات ناسیۆنالیزم بەیانی سەرەکی، هەستی وەك یەکی کردن دەگەڵ یەك کۆمەڵگەی بەرزی سەربەخۆ و دیاری کراوە. عونسرێکی ناسیۆنالیستی پێویستی بە تیۆریە. بەڵام لە راستی دا ئەم تیۆریە ناتوانێ شتێك بەرزتر لە تیۆریگەلێ تر بەر چاو بخات. ناسیۆنالیزم چلۆنایەتی و چۆنیەتی گەلێك لە خەڵك دیاری دەکات کە (مدعی) تایبەت مەندی گەلێکی گشتی فیزیکین و سەر بەخۆیی خۆیان لە خەڵکانی تر کە ئەو تایبەتمەندیانەیان نییە. داخوازدەکەن ڕێگەی ناسیۆنالیزم چاکترین ڕێگەی  پێك هێنانی شووناسی نەتەوەیی‌یە. کەڵك وەرگرتن لە جیاوازیی‌یە فیزیکی و زمانی‌یەکانە، ناسیۆنالیزم چ کۆن و چ نوێ لە بنەڕەتدا وشەیەکە بە تایبەتمەندی گەلێکی جۆراوجۆر. ئەو وشەیە خاوەنی تەواوی بابەت و تەوەرە گەلێکە کە گروپێکی خەڵکی لە

سەر مافەکانی خۆیان بەدانبەر بە خەڵکانی تر وەك گروپێکی سەر بەخۆ پێ دادەگرن. لە راستی دا دەتوانین بڵێین ناسیۆنالیزم، نێوەڕۆکی خۆی لە نەتەوەدا دەبینێتەوە کە پێناسەی نەتەوەش: فۆرمی سیاسی کۆمەڵگەی مەدەنی دەگەیێنێ وەك دیاردەیەکی مۆدێرن. کە ئەو فۆرمەش بەپێی تیۆری زانستی بیرمەندان. هەوڵ و تێکۆشان بۆ پێك هێنانی دەوڵەت یان خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی دا دەبینێتەوە. دەبێ بگوترێ کاتێك پێکهاتەی نەتەوە دێتە دی. خۆ بە خۆ نەتەوە بە دوای حاکمییەت دەکەوێ. چۆن نەتەوە حاکمییەتی دەوێ و نەتەوە بێ حاکمییەت واتای نیە. هەروەها نەتەوە کاتێك پێکدێ کە خەڵکان ئاگاداری ئەوە بن. دەتوانن یاسادانەر بن و بەڕێوەبەری خۆیان دەتوانن بگرنە ئەستۆو خۆیان توانای حکومەتیان هەیە. ناسیۆنالیزم نەك تەنیا دیاردەیەکی سیاسی‌یە، بەڵکو لە شێوەی ژیان یا مۆدێلێکی چۆنێتی پێکەوەژیانی خەڵکی دەدوێ. وەك مۆدێکی بوونیش ناچارمان دەکا کە پەرۆشی ئەوە بین چ چۆرە پەیوەندیەك لە گەڵ ئەوانی دیکەدا بەر کەماڵ بکەین. ناسیۆنالیزم بەرهەمی پرۆسەیەکی درێژ خایەنە. پرۆسەیەك کە رنگ و بنەمای لە سەردەمی مۆدێڕنەدا داکوتاوە. مۆدێرنەش سەردەمی رێنسانس و چاکسازی ئایینی دەسپێکی بووە. ناسیۆنالیزم وەك ئایدیۆلۆژیی‌یەك ویستی گۆڕینی باردۆخێك، کاروبارێك یان حاڵەتێك لە کۆمەڵگەداو بەرەو ڕەوتێکی نوێ تر نیە. بەڵکوو خۆی وەڵامێکە بۆ ئەم بارودۆخە نالەبارەی کە پاش لە مۆدێرنە وەك حاڵەتێکی شپرز هاتۆتە ئاراوە. ناسیۆنالیزم بەرهەمی هەر دیاردەیەك بێ چ کەلێنێ سوسیالیستی و سەرمایەداری یان شۆڕشی ١٧٨٩ فەرانسە لە سەدەی ١٦ تا ١٨ لە باکووری رۆژئاوای ئەورووپا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە. پاشان خۆی لە نێو کۆچبەرە ئەمریکایی‌یەکان وەدەرخست. ناسیۆنالیزم ڕوح و کۆڵەکەی پێك هێنانی نەتەوەیە، مەبەستیشی پێك هێنانی دەوڵەت و گیانێکی سەربەست بە نەتەوەی خۆی بووە. لە ئەوروپای رۆژئاوادا ناسیۆنالیزم بە سروشتی تێدا لە دایك بووە. توانیوێتی ئەم پەرەسەندنە سیستماتیك لە زمانێکی سیستماتیکی هاوشێودا دەربڕێ. چونکە خزمایەتی "nationalism" لەگەڵ نەتەوە "nation" خزمایەتی‌یەکی راستەوخۆیە و لە یەك چاوگی لاتینییەوە وەرگیراوە کە ئەوەش "natio"یە لە ئەورووپای رۆژئاوادا بورژوایی نوێنەری سەرەکی ناسیۆنالیزم بوون. لە رۆژهەڵاتداو بە تایبەت رۆژهەڵاتی ناویندا کیشوەری

موسڵمانەکاندا میللەت بە جێی نەتەوە بە کار هێنراوە. هەڵبەت دەبێ بوترێ چەمکی میللەت بە دوای پەیدابوونی ناسیۆنالیزم لە ئەورووپای رۆژئاوادا گۆڕانی بە سەر داهات و چەمکێکی سیاسی بە خۆوە بینی. دەنا لە پێش دا میللەت واتای پەیڕەوانی ئاینێك بووە. هێندێ ناسیۆنالیزمی جیهانی سێهەمیان پێ کاردانەوە بووە لە بەرامبەر ئیمپرالیزمدا. لە بنەڕەتدا ئیمپرالیزمێ کە دەرئەنجام تەوژمی ناسیۆنالیزمی ئەروپاییە لە سەردەمی گۆڕانی سەرمایەداری. ململانێی ئازاد بۆ سەرمایەداری پاوان کردن "(احتکار)" لە رۆژهەڵاتدا گروپی جیاواز نوێنەرایەتی ئەم بزاڤەیان کردو بە خێراییش گۆڕان. لە خێڵەکی و لادێ و سەربازییەوە بگرە نەك لە چینی بورژوا بەڵکوو لە چینی دەرەبەگایەتی و خاوەن مۆڵك و ئەمیرە ئەرەستۆ کراتەکانیش تا چینی وردە بورژوا تەنانەت هێندێ گروپی چینی کرێکاریش بێ ئەوەی بشهێڵن هەر چینێك بە ناچار ئایدۆلۆژیای تایبەتی خۆی هەیە. ئاوا ئەو فرە چینییە لە فرەیی و تێکەڵ بوونێکی ئایدۆلۆژیدا رەنگیانداوە کە رێگەی لەوە گرت بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوین بە تایبەت ناسیۆنالیزمی کوردی خاوەن تۆکمەیییەکی ئایدۆلۆژی بێ کە خسڵەتی گشتی ناسیۆنالیزم لە قۆناغی بەرز بوونەوە دایە.

بزاڤی رزگاری خوازی کورد درێژەی خەباتی ناسیۆنالیزمی نوێی سەدەی بیستەمە. کە لە دوای شەڕی گەردوونی یەکەم و دووهەم هێندێکی یەکجار زۆر لە نەتەوەکان لە سەر کاریگەری سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی نوێ سەدەی بیستەمدا بە ئامانجی نەتەوەیی خۆیان بە دامەزراندنی دەوڵەت گەیشتن، نەتەوەیەك دەتوانێ لە بواری رامیاری و...هتد دا کاری گەورەو بەرچاو بکات کە ئەوە نەتەوەیە (اهلی فیکر) بێت. سیاسەت بە واتای بەربلاوی دووری ژیارە (تمدن) کە ژیارە خۆی بنەمای لە فەرهەنگ و کوولتوور دایە. هەڵبەت ئەوە بەومانایە نییە کە کۆمەڵگەی خاوەنی بیر و فەلسەفە نەبووە. بەڵکوو بە رامان لە رابردوو دەبینین کە فەلسەفەی زەردەشت نەك تەنانەت کاریگەری لە سەر فەلسەفە یۆنانی بووە. لە دەورانی رێنسانیش بیرمەندان و رووناکبیرانی ئەورووپایی بە گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی زەردەشت (کە لەو دا بە جێی "الله،یە هوەو..." کە لە ئاینەکانی تردا ناوەندی "بوونە" مرۆڤ ناوەندی بوونە) بە ئەنجامی مەعریفەت گەیشتن کە بە خودایی کردنی مرۆڤ. بەڵام پرسیاری ئایا دەبێ دابران لە فەلسەفەی خۆماڵی و نەبوونی بە گشتی کۆمەڵگەیەکی فیکری وەك روحێکی بیرمەند بواری ئەنجامی کاری گەورەی نەك بۆ گەردوون هەر خودی نەتەوەکەی

خۆشمـــان نەرەخـــساندووە. بـــە دوای لێـــك ترازانـی شـیرازەی ئیمپراتـۆری عوسمـانی و لێی جیا بوونـەوەی وڵاتـە ئەوروپاییـەکان و نەتـــەوە عەرەبـــەکان و ئەرمەنیـــەکان. هەرچـەند لـەو کاتـەدا ناسیۆنالیزمی کـوردی لەبەر دەستەبەر نەکردنی ئایدیایـەکی پتـەوو یـەکگرتوو نـەیتوانی خـۆی لـە چوارچێوەی دەسـەڵاتێکی بـەهێز و بەرگریکـەر لـە مـافی نەتەوەیی خۆیدا بنوێنێ و خۆی بدینێتـەوە. مەرجەعی بەخشی ناسیۆنالیزمی کوردی لەو کاتـەدا مەرجـەعی ڕوونـاکبیری و مەرجـەعی دینـی لێـی بـەر پرسـیار بـوون. بەشـێکی گرنگـی مەرجـەعی ڕوناکبیری کورد بە ئاڵ و گـۆڕ ئاسـیای ناوەڕاسـت و بـە تایبـەت تێکشکانی نۆزدەهەم خۆی لاواز دەبینێتـەوە و مەرجـەعێکی تـر جێی پێ لێژ دەکات. کە وێڕای گەشەی ناسیۆنالیزمی ئەوروپی و بوژانەوەی هەستی نەتەوایەتی وڵات کۆلۆنییەکان ژێر دەسەڵاتی ئەورووپیـەکان کـە دەکـرێ ئـەویش بـە کاریگـەری فەرهـەنگ و کارتێکەری عەقڵیەتی ئەورووپیـەکان لـە سـەر عەقڵیـەت و بـڵاو بوونەوە چەمکگەلی تازەی ناسیۆنالیزم و بەڵێنەکانی ڕووناکبیری



بزانین. لە عوسمانی دا مەرجەعیەتی ئاینی و سیاسـی ئیمپراتۆریـەت شـوێنی خۆیـان دەدەن بەمەرجەعیـــــەتی سیاســـــی نەتـەوەی.مەعریفـەی ئـاینی و خورافـات شـوێنی خۆیـان دەدەن بـە گوتـاری پێـدا هەڵـدانێکی خۆشـنوودانە بـە زانـستدا. مەرجەعیـــەتی کولتـــووری ئـــاینی دەگوازرێتەوە بۆ ئایدۆلۆژیای نەتـەوەیی و نـا نەتـەوەیی. هـەر لـەو قۆناغـەدا کـە سەرەتاکانی مۆدێرنە و ناسیۆنالیزم تێکەڵ یەکدی دەبن. کـە لـە ڕووی سیاسـی‌یەوە ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ بەرهـەمهێنانی گوتـار و ڕەمـزو خـەیاڵی سیاسی نوێ بە کارەکانی نوخبە گەلێك "(هەڵکـەوتوو گـەلێك)" کـە لـە دوای ئیمپراتـۆری عوسمـانی پێك هـاتبوون. کـە لـە نـاو سیـستمی تـــازەی خوێنـــدن و سیـــستەمی قوتابخانـــە سەربازی‌یەکان و میدیا و ڕۆژنامەگەری مۆدێرن و زانینـی زمـانی بێگانە و ئەو ڕووناکبیرە ئایینی‌یانە کە بە دیدێکی دیکەشەوە لە ئایینی ڕادەمان تا جۆرێك هاو ئاهەنگی لە نێوان زانست و ئاییندا دروست بکەن پشت ئەسـتووری بـووە بـەڵام ئـە هەڵکەوتوانـەش

(نوخبەها) نەیانتوانیوە پەیوەندیێکی ئۆرگانی دەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و کولتووری و زمان و ڕەمز و تەقلیدی و باوەڕکانی کۆمەڵگەدا دروست کەن. هەروەها بەشبوونی هەڵکەوتووەکان بەسەر هەڵکەوتووی ئایینی و ڕووناکبیری کۆمەڵایەتی وای کرد تا بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی تووشی دابڕان بێت. دابڕان و جیابوونەوەی قازانج و بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی وا دەکات هەڵکەوتووی کوردی ببێتە هەڵکەوتووی ئۆتۆنۆمیست و دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ جێی خۆی بدات بە دروشمی ئۆتۆنۆمی. کە لە گەڵێدا سەردەمی ڕاپەڕین و خەبات و شۆڕشی چەکدارانە بگوازرێتەوە بۆ سەردەمی "قەڵەم و موراجعات" ئەم ڕاستیە سۆسۆلۆژیە درزێکی گەورە لە پێکهاتنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا دروست دەکات کە تا ئەمڕۆش پڕ نەکراوەتەوە. ئەمەش لە پەیوەندی بە مەسەلەی دامەزراندن و دروست کردنی شوناسی نەتەوەییەوە یەك مانای هەبووە. کە بریتییە لە دابەزینی ئەم بزاڤە بۆ ئاستی بەر لە ئامادگی و وشیاری نەتەوەیی ودابەشبوونی بە سەر گروپ و ئایدئۆلۆژی و دیدی ناتەباو ناکۆکدا. هەروەها نیشاندەری بێ توانایی‌یەکی مێژووییە لە دروستکردنی چوارچێوەیەکی گشتی بۆ تێپەڕاندنی ئەو ناکۆکیە جۆراوجۆرە. کە ئەم بێتوانایی‌یە تا هاتووە نەك هەر بەرەو ساڕێژی بەهێزبوونی نەبڕاوە. بەڵکو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان و هەڵکەوتووە سەر بەپارتەکان کەلێنیان لێی ئاواڵەتر کردووە. کاتێك کە قازانج و بەرژەوندی‌یەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە خۆی لە سەرکەوتنی قازانجی نەتەوەیی دا نەبینیوە یان تەنانەت گەر خۆشی بینیوەو بەڵام قازانجی تاکی و حیزبی و...بۆمسۆگەر بوونی خۆیان هەرچی زۆرتر وڵاتی پارچە پارچە کراویان لەت لەت تر کرد. ئەدی کەی و چۆن ناسیۆنالیزمێکی وا شێواو نەتەوەی بەئاکام و ئامانج دەتوانێ بگەیێنێ.


**سەرچاوەکان:**

١ـ ناسیونالیزم در قرن بیستم : گلن جی بارگلی مترجم "مرنس شکر خواه

٢ـ ناسیونالیزم و انقلاب : "دکتر رضا داودی

٣ـ شووناس و ئالۆزی : مەریوان وریا قانیع

٤ـ جامعە شناسی : انتونی گیدنز